Tekoshan

No. 129

The Organ of Central Committee The Organization Struggle of Kurdistan - Iran

Second Course Twenty threeth Year Nomber ((129)) 1 of Sarmawaz 2707 Kurdish Colemdar falling no 1385 Hijri I Falling 22th Nomb 2007

ئادرەسی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لەسەر شەبەکەی جیهانی ئەنتەرنێت

نادرەسی سایتی ئەنتەرنێتی سازمان: http://www.sazmanikhabat.com کۆمیتەی نافرەتانی سازمان: komitay_ afratan@yahoo.com

Email: tekoshan20002003@yahoo.com

هەروەها، ڕادیۆ دەنگی خەباتی کوردستان بەشێوەی زەفت کراوی بەرنامەکانی لەسەر ئەنتەرنێت بلاو دەکاتەوە، بەم نادرەسە:

http://www.khabatmedia.com/radio Email: dangikhabat2003@yahoo.com

نوێنەری سلێمانی: ٠٧٣٠١٠٦٢٣٧٩ و ٠٧٧٠٣٥٦٢٨١٤

٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ ئاریافون ـ ٠٧٥٠٤٤٩٧١٣٨ کۆرك تیلکۆم ـ ٠٧٧٠١٤٨٩٠٨٤ ئاسیاسێل

Email:Sazmanikhabat@hotmail.com sazmanikhabat@yahoo.co.nz

Fax: ٠٠٩٦٤٦٦٢٥٢٩٥١٨ - ٠٠٤٤٧٠٦٩٩٢٩٥١٨

بۆ پێوەندی کردن بە نوێنەرایەتی هەولێر بەم ژمارە تەلفونی ٠٠٩٦٤٦٦٢٢٢٠٨٦١ و pewandi_hawler@yahoo.com

شەشەمین ساڵیادی سەید خەلیلی عالی نەژاد لە شاری سەحنە بەڕێوەچوو



ڕۆژی ٢٧ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٨٦ لەشاری سەحنەی کرمانشان هونەرمەندی کورد سەید خەلیل عالی نەژاد بەڕێوەچوو.

سەید خەلیل عالی نەژاد لەگەورە پیاوان و پێشەوایانی ئایینی ناوچەی کرمانشان بوو کە پاش کۆچی بەزۆر و لەتاراوگە دا لە وەڵاتی سوێدێد کەوتە بەرپەلاماری بکوژان و لەڕێکەوتی ١٣٨١/٨/٢٧ دا بە شێوەیێکی ناجوامێرانە و دور لەمرۆڤایەتی ترۆر کرا.

سەید خەلیل موسیقاژەن و هونەرمەند و پێشەوایێکی بەناوبانگی کوردستان و ناوچەی کرماشان و شاری سەحنە بوو. لەساڵیادی ئەو هونەرمەندە هەموو ساڵێ لەشاری سەحنە دەبێتە مەکۆی خۆشەویستان و هاورێیان و ئەویندارانی سەید. لە ڕۆژی ترۆر کردنی ئەو گەورە پیاوە دا خەڵکێکی زوۆر لە گۆرستانی شاری سەحنە کۆبونەوە و یادیان بەرز ڕاگرت. ژمارەی بەشداربووان بە ڕادەیێك بوو کە مەئمورانی ڕژیم شاریان بە تەواوی خستبووە ژێر چاودێری و گەمارۆی خۆیانەوە. جێگەی ئیشارەیە کە بکوژانی سەید دوای کوشتنی تەرمەکەیان سووتاند و بە جێیان هێشتبوو. بکوژانی ناوبراو هێشتاش نەدۆزراونەتەوە و دەسەڵاتداران چاوی خۆیان لێ قونجاند.

ووتەی بەنرخ

زانست ئەوە نییە لەبەری بکەی و بیزانی. زانست ئەوەیە سوودی هەبێت و کاری پێ بکەی.

دونیا کتێبێکی جوانە، بەڵام بۆ ئەوانەی ناتوانن بیخوێننەوە بێ کەڵکە (کارلۆ کۆلدونی)

لە تەواوی قامووسی زاراوەی مرۆڤدا، ووشەیێك باشتر و ڕەوانتر و جوانتر لووشەی بەرابەری نابیندرێت.

کاتێك بریارت لەسەر کردنی کارێك دا، دەرگای هەموو کارێکی تر ببەستە. (فردریك)

کۆچی دوایی شاخەوانی بەتوانای کورد موقبیل هونەر پەژوو

ڕۆژی پێنج شەمە ٢٤ی خەزەڵوەر شاخەوانی بەتوانای کورد موقبیل هونەر پەژووە دوای ئەوەی ڕۆژی ١٥ی خەزەڵوەر لە شاخ کەوتبوە خوارەوە و زەربە بەر سەری کەوتبوو، لە نەخۆشخانەی ورمێ کۆچی دوای کرد. موقبیل هونەر پەژوو لە شاخەوانیدا سەرکەوتنی زۆری وەدەست هێنابوو و ئەندامی تیمی شاخەوانی لە ئێران بوو. بە بۆنەی کۆچی دوایی شاخەوانی ناودارو بەتوانای کورد موقبیل هونەر پەژوو سەرەخۆشی بەکەس و کاری ڕادەگەێنین و خودای گەورە سەبوری دڵیان بدا.

ڕۆژنامەی فیگارۆ: گەڵەی هێرش بۆ سەر ئێران ئامادەیە

ڕۆژنامەی فەرانسەیی فیگارۆ لە ڕپۆرتێك دا نووسیویەتی: ئەوانەی وادەزانن کە گرفتی ئەمریکیەکان لە عێراق دا پێشگیری لە هێرشی ئەوان بۆ سەر ئێران دەکات، لە هەڵەدان. فیگارۆ بڵاوی کردەوە هێرش کردن بۆ سەر ڕژیمی ئێران گەڵاڵە کراوە، ئەو گەڵاڵەیە بە بۆمبارانی هەوایی، هێرشی موشەکی و هێرشی هێزی تایبەت دەست پێ دەکا. بە پێی ئەو گەڵاڵەیەبنکەکانی سپای پاسداران و هێزە سەربازییەکانی ڕژیمی ئێران دەکەونە بەر ئامانجی هێرشەکان. بە پێی ڕاپۆرتی ئەو ڕۆژنامەیە هێزی دەریایی بریتانیا ئەرکی ڕووبەڕوو بوونەوەی دژ کردەوەکانی ڕژیمی ئێران لە کەنداوە. فیگارۆ نووسیویەتی: گۆردون براون سەرۆك وەزیرانی بریتانیا بە سەرۆك کۆماری ئەمریکای ڕاگەیاندووە کە ئەگەر بیسەلێنن کە ڕژیمی ئێران لە کردەوە تۆڕیستیەکاندا دەستی هەبووە، بریتانیا لە هێرشی سەربازی بۆ سەر ئەو ڕژیمە پشتیوانی دەکا.فیگارۆ نووسی ئەو هەواڵە لێدوانەکانی ژنراڵ مەك نیل فەرماندەی هێزەکانی ناتۆ لە ئەفغانستان لە مەڕ پشتیوانی ڕژیمی ئێران لە چەکدارە ئەفغانیەکان دەسەلێنن، جیا لەوەش ژنراڵ دەیوید پاتریوس فەرماندەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق ڕژیمی ئێرانی بەوە تاوانبار کردووە کە لە کردەوە تۆڕیستیەکان لە دژی هێزەکانی ئەمریکا و بریتانیا لە عێراق دەستی هەیە.

لەلایێکی دیکەوە گۆڤاری تایمی چاپی ئەمریکا لە دواین ژمارەی خۆی دا بە ئاماژە بە تاوانبار کرانی سپای پاسداران بە دەست هەبوون لە گەڵاڵە ئەتۆمیەکان و پشتیوانی لە تۆڕیسم، نووسیویەتی: تونەتر بوونی هەڵوێستەکانی ئەمریکا، دەرخەری هەڵوێستێکی جیددیە نە تەنیا بۆ ڕاگرتنی بەرنامەی ئەتۆمی ڕژیمی ئێران بەڵکوو بۆ ڕوخانی ڕژیمی ئاخوندەکان.

عەلی فەلاحیان و موحسین ڕەزایی لەلایەن پۆلیسی نێودەوڵەتیەوە داوا کراون

ڕۆژی چوار شەمە ١٦ی خەزەڵوەری ١٣٨٦ کۆمەڵی گشتی پۆلیسی نێودەوڵەتی لە وەڵاتی مەراکش بە زۆرینەی دەنگ عەلی فەلاحیان وەزیری ئیتلاعات لە دەوڵەتی ڕەفسەنجانی، موحسین ڕەزایی فەرماندەی پێشووی سپای پاسداران و سێ ئێرانی دیکە و کەسێکی لوبنانی بە تاوانی بەشداری کردن لە بۆمب دانانەوە لە ناوەندی هاوکاری جولەکەکان لە ئارژانتینیان خستە ریزی ناوە داوا کراوەکان.

لە حەفتا و شەشەمین کۆبوونەوەی گشتی پۆلیسی نێودەوڵەتی لە مەراکش، نوێنەرانی ڕژیمی ئاخوندی زۆریان هەوڵ دا تا ڕێگە بگرن لەوەی ناوی هاشمی ڕەفسەنجانی و موحسین ڕەزایی و سێ کەسی دیکە لە ئەندامانی ڕژیم و کەسێکی لوبنانی بچێتە ریزی ناوە داوا کراوەکانی پۆلیسی نێودەوڵەتی، (ئینتڕپۆل) بەڵام هەوڵەکانیان بە ئاکام نەگەیشت و سەرئەنجام کۆمەڵی گشتی بە زۆرینەی ٧٨ دەنگ و دژایەتی ١٤ دەنگ و ٢٦ دەنگی بێ لایەن، ئاگاداری (سوور)ی بۆ ئەو شەش نەفەرەی پەسەند کرد.

جیاواز لە عەلی فەلاحیان و موحسین ڕەزایی، بۆ ئەحمەد وەحیدی، فەرماندەی پێشووی هێزی قودس، موحسین ڕەببانی ڕاوێژکاری فەرهەنگی ڕابردووی سەفارەتی ڕژیم لە ئارژانتین و ئەحمەد ڕەزا ئەسغەری دەبیری سێهەمی ئەو باڵوێزخانەیە، ئاگادار کردنی سوور دەرکراوە.

تەقینەوە لە ناوەندی هاوکاری جولەکەکان لە شاری بۆینس ئایرس پێتەختی ئارژانتین لە ساڵی ١١٩٤ زایینی، بووە هۆی کوژرانی ٨٥ کەس و بریندار بوونی ٣٠٠ کەسی دیکە.

ئاگادار کردنەوەی سوور بە مەبەستی داوا کردنی نێودەوڵەتی نیە، بەڵام پۆلیسی نێودەوڵەتی لە ١٨٦ وەڵاتی ئەندام داوا دەکا تا لە کاتی بینینی ئەو کەسانە دەبێ بیانگرن و تەحویل بەو وەڵاتە بدرێن کە داوایان کردوون. ئاگادار کردنەوەی سوور گرینگ ترین و بەرزترین ئاگادار کردنەوەیە کە پۆلیسی ئینتڕپۆل بۆ گرتنی تاوانبار دەری دەکا.

(رودولفوکانی کیا کورال) قازی پەروەندەی تەقاندنەوەی ناوەندی فەرهەنگی جولەکەکان لە ئارژانتین، لە ساڵی ڕابردوودا ڕژیمی ئاخوندی ئێرانی بە هاوکاری کردن لەو تەقاندنەوەیە تاوانبار کرد و بۆ چەند کەس لە بەرپرسانی ڕژیم حوکمی گرتنی دەرکرد.

((دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران))

دەنگی خەباتی کوردستانی ئێران،

دەنگی پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانە

دەنگی خەباتی کوردستان، هەموو ڕۆژێ بەرنامەکانی بۆ ماوەی سەعات و نیوێک،

یەک سەعات بە زمانی کوردی و نیوسەعات بە

زمانی فارسی، لە سەعاتی ٧/٣٠ بۆ ٩ی نێوارێ بەکاتی تاران، لەسەر شەپۆلی کورت، ڕەدیفی ٧٣ میتر بڵاو دەکاتەوە. دەقی ئەو بەرنامە لەسەعاتی ٧/٥ بۆ ٩ی بەیانیی ڕۆژی دوایی سەرلەنوێ بڵاو دەکاتەوە.